


**Rememory 2017**

## Rememory

بیرەوەری

یەکێك لەو شتانەی کە وای لەمرۆڤ کردووە هەمیشە بیری لێبکەینەوە بیرەوەریە، بۆ هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی، یەکەم پرسیار کە دێتەپێش ئەوەیە، ئایا بیرەوەریەکانمان لە یاد ماوە یان نە؟ بۆچی دەبێت بیرەوەریەکانمان لە یاد بچێت؟ چ شتێك وا لە مرۆڤ دەکات بیرەوەریەکانمان بهێتەوە یاد؟ لەوانەیە ئەم پرسیارانە لەم فیلمەدا بەدەستمان بکەوێت، فیلمی (بیرەوەری – Rememory)، لەم ساڵانەدا بینەرێکی زۆری بەخۆە بینیووە، وە لە نووسینی (مایک ڤودکادینڤویک) و (مارك پاڵانسکی)وە یە، وە دەرهێنانی ئەم فیلمە لەلایەن (مارك پاڵانسکی) یەوە دەرهاتووە، هەروەها لەناو ئەکتەرەکاندا دەتوانین ئەکتەری سەرەکی بناسین، کە ئەویش (پیتەر دینکلاج)ە، کە لەناو فیلمەکەدا بە "سام" یان "ساموێل" ناسراوە، ئێستا دەچینە سەرەتای فیلمەکە، لە سەرەتادا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم فیلمە بەتەواوی جیاواز لەگەڵ فیلمەکانی تردا، چونکە کامیرای فیلمەکە بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، دواتر فیلمەکە لە "سام" و برایەکەی بەناوی "داش" دەست پێدەکات، کە لە مەیخانەیەکدا خەریکی کات بەسەر بردن و پێکەنینن، وە دواتر دەچن ئوتومبێل لێدەخورن و بە سەرخۆشی دەکەونە ڕێگادا، لە ڕێگادا خەریکی گورانی ووتنن، کە لەناکاو بەر ئوتومبێلێکی تر دەکەون، برای سام کە ناوی "داش"ە، بریندار دەبێت و برینەکەی زۆر قوڵە، داش خەریکە دەمرێت و لەبەر خویەوە گورانی دەڵێت، سام دەیەوێت بزانێت برایەکەی خەریکە چی دەڵێت؟ بەڵام دەرفەتی ئەوەی نابێت، لەم ڕووداوەدا سام برایەکەی لە دەست دەدات. دوای چەند ساڵ سام دەبێتە بیناسازێکی گەورە لە بواری ( 3D )دا، ڕووداوەکەی کەمێک لە بیر ماوە و خەریکی ژیانێکی ئارامە، لەم بەینەدا کەسێک بە ناوی "گوردون دان" هەڵدەستێت بە دروستکردنی ئامێرێک، کە دەتوانێت، بیرەوەریەکان زەخیرە بکات، بە مەرجێک تەنیا ئەو کاتەی کەسەکە زیندوو بێت، ئەو کەسە واتە "گوردون" دەڵێت کە "بیرەوەریەکان، لەکاتێکدا لەبیرمان دەچنەوە، کە

بیرەوەریەکی تر جێگایی بگرێتەوە" بەڵام چی وای لە گوردون کردووە ئەم ئامێرە دروست بکات؟ چەند ساڵ پێش دروستکردنی ئەم ئامێرە، گوردون کچەکەی لەدەست داوە، بوویە دەیەوێت کچەکەی ببینێت لە ڕێگەی ئەم ئامێرەوە، ئەم پیاوەش واتە گوردون بۆ کومپانیایەك کار دەکات بە ناوی کورتێکس "Cortex"، کاری ئەم کومپانیایە چارەسەرکردنی مێشکی مرۆڤەکانە بە خۆڕای، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە، ئەمانە تەنیا بۆ دەوڵەمەندەکان ئەم ئامێرە بەکاردەهێنن و بە مەخفیانە پارە وەردەگرن، بەڵام بۆچی ئەم ناوە؟ بۆچی ناوی کورتێکس؟ چونکە کورتێکس ناوی یەکێک لە بەرگەکانی مێشکی مرۆڤە، بەڵام یەکێک لە هاوپەیمانانی گوردون کە سەروکی کومپانیایی کورتێکسە بەناوی(لاوتون) دەچێت ئەم پرۆژەیە دەفروشێت بە کەسانێکی تر، شەو کە دادێت گوردون دەمرێت، لەکاتی مردنی دوو کەس لە شوێنەکە بوون، ئەوانیش (واندی) و (تود) بوون، بەڵام ئەو کەسەی شاهیدی ئەم ڕووداوە و دزینی ئامێرەکەیە "سام"ە، بەڵام لەم بەینەدا (وێندی) ئەم ئامێرە دەدزێت، ئەم ئامێرەش پێکهاتووە لە چەندەها مێموری، لەناو ئەم مێموریانەشدا، چەندەها بیرەوەری خەڵکی تێدایە کە گوردون چاوپێکەوتنی کردووە لەگەڵ خەڵکدا، بەڵام "وێندی" مێموری ڕاستەقینەکە لەشوێنێکی تایبەت دادەنێت، لەناو ئەو مێموریەشدا سەبەبی مردنی گوردون تێدا بەدیار دەکەوێت، بەڵام ئەو نایەوێت مێموریەکە بکەوێتە دەستی هیچ کەسێکی تر، بەڵام بۆچی وێندی ئەم ئامێرە دەدزێت؟ چونکە گوردون پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ئەم ژنەدا هەبووە و نایەوێت کەس بیرەوەریەکانی ببینێت، هاوسەری گوردونیش ئاگای لەم مەسەلەیە نیە، بەڵام سام کلیلی ئەو شوێنەی نییە کە ئامێرەکەی تێدا دانراوە، ئەو شوێنەش ماڵی گوردونە، بەڵام سام بە فێڵی سەرەخۆشی و هاوخەمی لە هاوسەری گوردون، دەچێتە ماڵییان و بە خێزانەکەی دەڵێت کە گوردون یەکێک لە هاوڕێیە نزیکەکانی بووە، کاتی چوونەدەرەوەی سام، سام کلیلەکان دەدزێت، درەنگانی شەو کە دادێت دەچێت ئامێرەکە لە ماڵی گوردون دەردەهێنێت و دەیباتە ماڵی خۆی، دواتر ئیش لەسەر دەکات، پاشان کومپانیای کورتێکس هەڵدەستێت بە پشکنینی تەواوی کامیراکانی

شوێنی گوردون، دوو کەسەکە دەست نیشان دەکەن، دواتر بوویان دەردەکەوێت کە "سام"یش لەو شوێنە بووە، بەڵام سام دەیەوێت بزانێت مردنی گوردون چۆن ڕوویداوە؟ هەروەکو پێشتر گووتم، سام شارەزایی هەیە لە بواری(3D) دا، بوویە هەڵدەستێت بە دروستکردنی تەواوی کارمەندانی کومپانیای کورتێکس بە شێوەیەکی سری دی، بۆ ئەوەی بزانێت ئەو شەوە کێ لای گوردون بووە، سام هەڵدەستێت بە سەیرکردنی تەواوی مێموریەکان، پاشان تەواوی ئەو کەسانە دروست دەکات کە لە ناوەوەی مێموریەکاندا بینیووە، وە دەچێت بۆ بینینی هەندێکیان، جار بە جاریش لەسەر مێشکی خۆی تاقی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بهێتەوە بیری کە برایەکەی چۆن لە ڕووداوەکەی ئوتومبێل گیانی لە دەست داوە، سام بەردەوامە لە لێکوڵینەوە،



کاتێک دەچێت بۆ بینینی کەسەکان پێان دەڵێت کە بۆ کومپانیای کورتێکس کار دەکات، بەڵام کاتێک دەچێت بۆ بینینی وێندی، ئەو ژنەی کە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ گوردون هەبوو، پێی دەڵێت کە بۆ خێزانی گوردون کار دەکات، بۆ ئەوەی کەس بە نهێنیەکەی نەزانێت، دواتر بووی دەردەکەوێت کە وێندی ئاگای لە مەسەلەکە نیە و تەنیا دەیویست بیرەوەریەکانی بشارێتەوە، ئێستا تەنیا کەسێک ماوە کە جێگای گومان بێت، ئەویش "تود"ە، سام کە لەگەڵ خێزانی گوردون ببوو بە هاوڕێ، هەرچەند ڕۆژ جارێك سەردانیماڵیانی دەکرد و هاوسەرەکەی باس لە بیرەوەریەکانی گوردونی بۆ دەکرد، هەروەها باسی لە دەستدانی کچەکەیانی بۆ سام باس دەکرد کە چەند ساڵ پێش مردووە، مردنی کچەکەیان وا لە گوردون کردبوو هاوسەرەکەی بەجێبهێڵێت، دواتر چووە لەگەڵ ژنێکی تر ژیاوە، پاش ئەم هەموو ڕووداوانە سام دەچێت و "تود" دەدۆزێتەوە، بەڵام تود پێی دەڵیت کە دەستی نەبووە لە مردنی گوردوندا، تەنیا دەیوویست بیترسێنێت، بەڵام سام باوەڕ بە قسەکانی تود ناکات، وە دواتر سام پێی دەڵیت بۆ من بسەلمێنە، تود ئامێرەکە لەسەر مێشکی خۆی دادەنێت و دواتر بۆ سام دەردەکەوێت کە "تود" گوردونی نە کوشتووە، سام وادەزنێت کە وێندی درۆی لەگەڵدا کردووە، دەیەوێت بگەڕێتەوە لای وێندی، بەڵام ئەوەی زۆر سام دەترسێنێت ئەوەیە کە ڕۆژ و شەو برایە مردووەیەکەی دەبینیت، هەمیشە لە پێش چاویەتی، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە سەبەبی مردنی "داش" برایەکەیەتی، کە سامە، ئێستا سام دەگەڕێتەوە لای وێندی، چونکە سام وادەزانێت وێندی درۆی لەگەڵدا کردووە، بەڵام وێندی پێی دەڵێت کە من درۆم لەگەڵدا نەکردووی و تەنیا دەمویست بیرەوەریەکانم لەگەڵ گوردون بشارمەوە، ئەوەش پێی دەڵێت کە گوردون مێموریەکی تایبەتی هەبووە، کە لەکاتی مردنی گوردوندا لێی دزیوە، دواتر سام و هاوسەری گوردون بوویان دەردەکەوێت کە گوردون بە جەڵتەی دڵ مردووە، لە کۆتایدا سام مێموریەك دەهینێت و هەرچی لە

ژیانیدا بینیووە بۆ هاوسەری گوردون دەهنێرێت، هاوسەری گوردون بووی دەردەکەوێت کە سەبەبی مردنی کچەکەیان"سام" بووە، چونکە ئەو ڕووداوە ئوتومبێلەی کە برایەکەی سامی تێدا گیان لەدەست دابوو، هەر ئەو ڕووداوە بووە کە کچەکەی گوردون تێدا گیانی لەدەست دابوو، بەڵام خۆدی سامیش ئەم بیرەوەریەی لە بیر نەمابوو، تا ئەوەی گوردون ئەم ئامێرەی دروست کرد.

**تێبینی:** ئەم بابەتەم لە ژمارە حەوتی "گۆڤاری کەڵێن" بڵاوکراوەتەوە.

ئامادەکردنی : حۆسێن نادر (حسو)

**Facebook: Hosein Nadr**

**Instagram: hichkac**